
# بەرهەمێکی ناوازەی کەواکبی دەکرێتە کوردی

## کتێبێك لەبارەی بارزان و بارزانییەکان بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی "بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ" کە لە نووسینی بەدر ئیسماعیل شێرۆکییە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی، نووسەری کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ماوەی دوو ساڵ سەرقاڵی نووسینی ئەم پەرتووکە بووە. سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەشی دەڵێت: "بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری بواری ئایین، عیرفان، کۆمەڵگە و چەمکی بزاڤی ڕزگاریخوازی تەریقەتی بارزانە".

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی هەروەها دەڵێت: "بارزان پرۆژەی بنیاتنانی کیان و گەلێکی نوێ بووە. لە هەموو بوارێکەوە کاری بۆ کردووە. عیرفانێکی کوردی و شۆڕشگێڕانەی بەرهەمهێناوە و زەمینەی بۆ هاتنە ئارای ئیسلامێکی کوردی خۆش کردووە. هۆشیاری و خۆباوەڕییەکی بۆ خۆی بەرهەمهێناوە. هەروەها گۆڕانکاری مەزنی لە پرسی ژن، ئابووری، سروشت و پەیوەندیی نێوان تاکەکان کردووە".

گوتیشی: "لە ساڵانی سییەکان بەسەرەوە بارزانییەکان سەرەڕای وێرانی و دەربەدەری و شەڕی بەردەوام، بەتەواوی لە قەوارەیەکی ژیاریی سەربەخۆ نزیک ببوونەوە".

بەدر شێرۆکی دەڵێت نابێ تەنیا وەکو بابەتێکی مێژوویی سەیری کتێبەکە بکرێ: "ئەم نووسینە مێژوو نییە، بەو مانایەی مەبەستی نووسینەکە بەتەنیا تیشک خستنە سەر مێژووی دەڤەرێک یان شۆڕشێک یان گەلێک بێ کە بەپێی ڕۆژژمێر ڕووداوەکانی ڕیز کرابن، بەڵکو مەبەستی ئەم پەرتووکە چەند تەوەرێکە کە لەگەڵ یەک و بە یەک ئەندازە و بە یەک ئاست بەکارهێنراون".



## وەشانخانەی باڵندە شیعرەکانی وەدیع سەعادە بڵاودەکاتەوە





■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی (باران بەسەر کێڵگە دوورەکاندا دەبارێت) بریتییە لە هەڵبژاردەیەک لە شیعرە کورت و درێژ و پەخشانەکانی وەدیع سەعادە، کە بڕیار محەممەد تاهیر لە زمانی عەرەبییەوە، کردوویەتی بە کوردی.

وەرگێڕ لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەربارەی وەدیع سەعادە دەڵێت: «وەدیع شاعیرێکی لوبنانییە. 6ی جولایی 1948 لە گوندێک لە باکووری لوبنان لەدایک بووە. ئێستا تەمەنی 70 ساڵە. ژیانێکی ئارام دەژی، بەڵام پڕ لە غیاب. هەندێک ناویان ناوە شاعیری غیاب. کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە، باشتر لەمە تێدەگەین. غیابێک کە پڕە لە ئارامی. شیعرەکانی بە جۆرێک ئارامن، گەر کەمێک زەحمەت بکێشیت، لەناو لاپەڕەکاندا گوێت لە دەنگی هەموو بوون دەبێت. خۆیشی ئێستا لەم ئارامییەدا دەژی، تەریکە و دوورە لە هەموو کۆڕ کۆبوونەوەیەک. ئەوەی ئێستا دەیکات، بە بەردەوامی، گەڕانە بە شەقامەکانی سیدنیدا".

ئەم کتێبە، یەکەمین هەوڵی بڕیار محەممەدە لە بواری وەرگێڕاندا کە لە دووتوێی 130 لاپەڕەدا، بە تیراژی هەزار دانە و نرخی سێ هەزار دینار، وەشانخانەی باڵندە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە و لە ڕۆژانی داهاتوودا دەگاتە سەرجەم کتێبفرۆشییەکانی کوردستان.




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێکی ئەدیب و بیرمەندی گەورەی سووری عەبدولڕەحمان کەواکبی لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر شێوەزاری کرمانجیی سەروو.

کتێبی "طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد"ی عەبدولڕەحمان کەواکبی کە یەکێکە لە بیرمەندانی سەردەمی ڕێنیساس، لەلایەن فەدوا دەروێش نووسەر و وەرگێڕی کورد وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.

فەدوا دەروێش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبی "طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد"ی عەبدولڕەحمان کەواکبی بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی کتێبخانەی عەرەبی دادەنرێت و، یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی کەواکبییە.

عەبدولڕەحمان کەواکبی دوای نووسینی ئەو کتێبە کە باسی جۆرەکانی ستەمکاریی سیاسی و چەوساندنەوە و سەرکوتگەری دەکات، ناوبانگێکی گەورەی لە هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا پەیدا کرد، بەهۆیەوە بووە جێگەی سەرنجی توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسان. بەرهەمەکانی کەواکبی یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆژگارە.

فەدوا دەروێش نووسەر و وەرگێڕی کورد لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە ساڵی 1968 لە دایک بووە، ژمارەیەک پەرتووکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەها چەند ڕۆمانی بەختیار عەلی، نووسەری کوردیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراون.

# گەڕانەوەی خودا بۆ ناو دڵەکان

# پێغەمبەری ئیسلام لەناو دەقێکی ئەدەبیدا

سەنگەر زراری




لووتکەی کاری پێغەمبەرایەتی لە هەر ئایینێکدا، بریتی نییە لە لەدایکبوونی پێغەمبەرەکە، یان هاتنی وەحی و سەرەتای پەیوەستبوونی ئەم پێغەمبەرە بە خودای باڵاوە، بەڵکو لووتکەی کاری پێغەمبەرایەتی بریتییە لە تەواوبوونی پەیامەکە و کۆتایی ژیانی پێغەمبەرەکە و گەڕانەوەی ئەم پێغەمبەرە بۆ لای خودا. بۆ پەیامبەرەکە ئەوێ خاڵی کۆتاییە، بەڵام بۆ خەڵک و پەیڕەوانی سەر بە ئایینەکە، پەیامەکە لەوێوە دەستپێدەکات و ئەوان ئیتر ئایینێکی کامڵیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی پەیڕەوی لێ بکەن. هەر بۆیە لەم ڕۆمانەدا (موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر)* نووسەر ویستوویەتی لە لووتکەی کاری پێغەمبەرایەتییەوە دەستپێبکات و ئینجا بگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی پێشتر، نەک ئەوەی کە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژیی کلاسیکی ڕووداوەکان بنووسێتەوە، ڕۆمانەکە لەبارەی ژیانی پێغەمبەری ئیسلامە و ڕووداوەکانی بەپێچەوانەی ڕەوتی ژیانی ئاساییەوە دەگێڕدرێنەوە، واتا لە ساتی کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە دەستپێدەکەن و ئینجا بە شێوازی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی پێشتر تا دەگاتە ئەو کاتەی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە هیجرەت دەکات، پێدەچێت کتێبی دووەم (ئەمە کتێبی یەکەمە) تایبەت بێت بە ژیانی پێغەمبەر لە مەککە و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی و تا کاتی لەدایکبوونی. کەواتە ئەم جۆرە دەستپێکردنە، لەلایەک بۆ ئەوەیە کە لە لووتکەی تەواوبوونی پەیامەکەوە دەستپێبکات و ئەوە بخاتەڕوو کە خودی تەواوبوون و گەیاندنی پەیامەکە ئامانجی سەرەکییە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەیە خودی دەقەکە وەکو ڕۆمان شوناسی خۆی دیاری بکات و بخرێتەڕوو و لە نووسینی ژیاننامەی ئاسایی جیابکرێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر دەیەوێ بە جۆرێکی دیکەی دەق قسە لەبارەی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام بکات کە ئەم جۆرە دەقە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە، ئەویش نووسینەوەی ژیانی پێغەمبەرە بە شێوازی ڕۆمان و دەقی ئەدەبی. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە هەر دەقێکی ئەدەبی هەڵگری پەیامێکە، ڕۆمان دەیەوێ لە ڕێگای ناوەڕۆکەکەیەوە ئەو بەها مرۆییانە دەربخات کە ڕۆمانەکە هەڵگریەتی و ئامانجیەتی. لەم سەردەمی زۆربوونی مشتومڕەدا لەبارەی ئیسلام و هەڵکشان و داکشانی یار و نەیارەکانی ئەم دینە، ئەم ڕۆمانە هاتووە دیوی ڕۆحانی و مرۆدۆستیی ئەم دینەمان پێشان بدات و پێمان بڵێت گرووپە توندڕەو و مرۆخۆرەکان، تاکە ڕووی ئەم دینە نین، لەوەش زیاتر ئەم کارە لەڕێگای کەسایەتیی سەرەکی و پێشەوا و لووتکەی ئەم دینەوە پێشان دەدات کە ئەویش پێشەوا و پێغەمبەری دینەکەیە. هەڵبەت ئەوەی بەم ڕۆمانە کراوە بۆ خزمەتی بیری مرۆیی و مرۆدۆستی، بە دەقێکی ئاسایی مێژوویی ناکرێ، چونکە مێژوونووس لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و..هتد، کاریگەریی کەسایەتییەکان لەسەر ڕووداوەکان دەخاتەڕوو، مێژوو دەیەوێ لە چوارچێوەیەکی واقیعی لە خودی کەسایەتییەکان بدوێ و پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەمە خزمەتی بیری مرۆدۆستانە دەکات یان نا! کاریگەری خراپی دەبێت یان باش! زۆرجاریش ڕاستیی ڕووداوەکان ناپێکێ و ڕەنگە ئەمەش کاریگەریی خراپ بخاتە سەر ئەو کەس و لایەنانەی کاریگەرن بەو مێژووە، بەڵام ڕۆمان دەچێتە ناخ و دەروونی کەسایەتییەکان و لایەنە ڕۆحی و ویژدانییەکان دەردەخات. هەر بۆیەش ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی پەخشانئامێز و ڕۆحیانەتێکی سۆفیگەرانە و دڵ و دەروونێکی عارفانەی ئەوتۆ نووسراوە کە خوێنەر هەست دەکات لەگەڵ ڕۆحی دەدوێ و بۆ زوهدێکی عارفانەی دەبات.

لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕۆمانە بەجۆرێک نووسراوە کە ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتی پێغەمبەر نەبووەتە سەنتەر، بەڵکو ئەوەی بووەتە سەنتەر، ئەو شەڕوشۆڕانەن کە لە ژیانی پێغەمبەر و لە سەردەمی ئەودا ڕوویانداوە و جەنگەکان کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە. ڕەنگە ئەگەر تەنیا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی پێغەمبەر لەگەڵ خەڵک و دەوروبەری بدوابا، بە جۆرێک لە خۆدزینەوە بهاتبا بەرچاو و بیانگوتبا: ئەدی بۆچی باسی ئەو هەموو شەڕانە ناکات کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ڕوویانداوە؟! بێگومان ئەمەش دەبووە پرسیارێکی ڕەوا، بەڵام ڕۆمانەکە پێش لەو پرسیارە دەگرێت و شەڕەکان دەکاتە سەنتەر، بەتایبەتیش شەڕە گەورەکانی وەکو بەدر و ئوحود و خەندەق و... بەڵام بێگومان شەڕ و جەنگیش یاسا و ڕێسا و ئەخلاقیاتی خۆی هەیە کە بنەڕەتییەکەیان خۆی لە پاراستنی ژن و منداڵ و مامەڵەی مرۆییانە لەگەڵ دیل و گیراوان و دروستبوونی هێزی هاوسەنگ و شەڕ پێ نەفرۆشتن بە کەسانێک کە شەڕت لەگەڵ ناکەن و...هتد دەبینێتەوە. لێرەشەوە، لەم بەسەنتەربوونی شەڕانەوە، ئەم ڕۆمانە دەیەوێت بڵێ، ئیسلام لەمێژە پابەندی ڕێسا و ئەخلاقیاتی شەڕەکان بووە و "کەسێک باوەڕی بە محەممەد بێت، کوشت و کوشتار ناکات، تاڵان و بڕۆ ناکات، خوێن نارێژێت و جەردەیی ناکات...ل 219"، ئەوانەی ئەم کارانەش بەناوی دینەوە دەکەن پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە و ئەگەر واشیان نەکرد لەناوببرێن و ڕەحمیان پێ نەکرێ.

هەموو پێغەمبەرەکان ئەوە دەزانن کە کۆی مرۆڤایەتی بەوان ئیسڵاح نابێ، کاری ئەوانیش نەبووە خەڵک بە زۆر ئیسڵاح بکەن و بیانهێننە سەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆیان، ئەگەرچی ئەمە ئامانجی سەرەکییان بووە: "چەند خۆش بوو مرۆڤەکان توانیبایان بە ئاشتی وەک خۆیان بژین، ئەمەش ئاواتی سەرورەکەیان بوو، دەیویست بە ئاشتی بژین، ئەو نیازی گەورەییکردنیشی بەسەر ئەوانی تردا نەبوو، بەڵکو دەیویست لەگەڵ ئەوان بژی، وەک ئەوان بژی. هەر ئەمەش مانای پێغەمبەرایەتی بوو، ئاخر پێغەمبەرایەتی بێ سۆز و میهرەبانی مانایەکی نەبوو، موحەمەدیش بۆ شوعلەیەک لە میهرەبانی وەرگەڕابوو، ئەوانی پەروانەی بۆ خۆی ڕاکێشابوو..ل 204-203". بەڵام دواجار چونکە پرسەکە زۆرلێکردن نییە، بۆیە ئیختیار بۆ خەڵک خۆی بەجێدەهێڵرێ کە کامە ڕێگا هەڵدەبژێرن، باش یان خراپ؟! ئەمەش بەشێکە لەو ئازادییەی کە خوا و سروشت و ئایین و مرۆڤایەتی بە مرۆڤی دەدەن و زۆر جار خودی مرۆڤەکان تێناگەن و دەست بۆ توندوتیژی و ئیهانەکردنی یەکتر و دەستدرێژیکردنە سەر یەکتر دەبەن لەسەر ئەوەی کە بۆ وەکو ئەوان بیرناکەنەوە؟!!

لەم سەردەمی کوشت و کوشتار و نادادییەی بەناوی ئەم دینەوە دەکرێت و بڵاودەبێتەوە و هەر گروپ و کەسانێکی توندڕەو لە ڕاستی خۆیانەوە خەڵک بەناوی خوا و (گوایە) لەپێناو خوا دەکوژن، گرنگە ڕۆمانێکی لەم جۆرە بێت و پێمان بڵێت: "ئەو پارچە گۆشتەی پێی دەگوترێت دڵ و هەموو کەس هەیەتی، خودا، لە هیچ جێیەکی بوون جێی نابێتەوە، بەڵام لەو پارچە گۆشتەدا جێی دەبێتەوە کە هەموو مرۆڤێک بە کۆیلە و گەورە و ژن و پیاوەوە هەیانە (...) خودای دروستکەری زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ لە ناوەوەماندایە، هەر لەناو ئەو پارچە گۆشتەدا کە بە خوێنی سوور قوڵپ دەدات...ل 284"، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەوانەی خەریکی خوێندنەوەی مێژوو و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان نین و زیاتر خوێنەری دەقی ئەدەبین، تێبگەن کە نابێ بەناوی ئایینەوە هیچ کەسێک زۆری لێ بکرێت و ئەمەش پەیامی خوای زەوی و ئاسمانەکانە و ئەوەی مرۆڤە سەرەڕۆیەکان دەیکەن، نەک هەر پەیڕەوکردنی پەیامەکەی ئەو نییە، بەڵکو سەرپێچییەکی ڕاستەوڕاستی سروشت و ڕۆحیانەتی مرۆییشە. ئەمە دەقێکە بۆ لادانی ئەو قۆرخکارییەی کە بەناوی خوداوە، خودا بۆ گروپ و کەسانێکی دیاریکراو قۆرخ دەکرێ و لێسەندنەوەی خودایە لە توندڕەوەکان و گەڕانەوەیەتی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و دڵی تاکە تاکەی مرۆڤەکان.




* موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر: کتێبی یەکەم (ڕۆمان)- تەحسین حەمە غەریب، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، چاپی یەکەم (2018).

# ڕۆژانێك بەبێ خۆشەویستی؛ جیهانێكی جاڵجاڵۆكەییی

بۆتان لەتیف عەبدولقادر



ڕۆمانی (ڕۆژانێک بەبێ خۆشەویستی)؛ لە ساڵی 2015دا دەزگای غوراب بۆ بڵاوکردنەوە و دابەشکردن چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. ڕۆمانێکە؛ ڕۆمانتیک و سەر بە ئەدەبی ژنانە و هەڵگری کێشەی کۆمەڵایەتییە. کچە نووسەری میسری ئیسکەندەرانی "مونا مەنسوور" نووسیویەتی. ئەم ڕۆمانە هەڵگری خەم وخولیای ژنانە لە هەمبەر دەردەسەرییەکانی ژیان و ستەمی کۆمەڵایەتی. بوێرانە لەبارەی ڕەوشی ژنان و گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیان دەدوێت. ئەمە وەک هەوڵێک بۆ خستنەڕووی کێشەکانیان و هەوڵێکیش بۆ دروستکردنی هۆشیاریی مرۆیی و کۆمەڵایەتی؛ لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی ژن.

ئەگەر سەیری بنیاتی هونەریی ڕۆمانەکە بکەین؛ دەبێت لەناونیشانەوە دەستپێبکەین، ناونیشانەکە؛ لە دوو وشە پێکهاتووە: (ایام) بە واتای ڕۆژانێک دێت کە بە نەناسراو (نکرە) هاتووە، لەگەڵ وشەی (حب) کە بە واتای خۆشەویستی دێت و بەشێوەی نەرێ خراوەتە سەر وشەی (ایام) لە ڕێگای پیتی جەڕ (ب) و پیتی نەرێ (لا)، ئەم وشەیەش هەر نەناسراوە، بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم ڕۆمانە؛ گێڕانەوەی ڕۆژانی ڕابردووی ژیانی کەسایەتی سەرەکیە، کە خۆشەویستیی تێدا نییە، بەواتایەکی تر؛ ڕۆمانەکە؛ یاداشتنامەی کەسایەتی سەرەکیە کە لە ژیانیدا تۆماری کردوون.

ئەوەی پەیوەندی بە کەسایەتییەکانەوە هەیە؛ دەبینین کە ڕۆماننووس بەچەند جۆرێکی جیا کەسایەتییەکان پێشکەش دەکات و ڕۆڵ و ئەرکیان پێدەدات، ڕۆماننووس هەندێ کەسایەتی پێشکەش کردووە. کەسایەتی سەرەکی ناوی (ئیمان)ـە کە ژنێکی بێبەشە لە سۆزی باوکایەتی و، لەدوای مەرگی باوکیشی، لە خۆشەویستی براکانیشی بێبەش دەبێت. براکانی سەرقاڵی ژیانی خۆیان دەبن، (ئیمان) کە سێ برای هەیە (مەحموود، مستەفا و ئەحمەد)؛ بەزۆر بەمێرد دەدرێت بە پیاوێک بەناوی (سەڵاح)، کە لەلایەن دایکی (ئیمان) و براکانییەوە؛ بە کەسێکی باش و گونجاو وەسف دەکرێت، ئەگەرچی ئەو مێردکردن بە (سەڵاح) ڕەت ناکاتەوە؛ بەڵام زۆریشی پێ خۆش نییە، چونکە بەشێوەیەکی کتوپڕ داواکەی لێکرا، دواتر کچێکی لێ پەیدا دەبێت بەناوی (سوها)، پاشان (ئیمان) زۆر حەزی لەکاری پێشکەشکارییە و لە تەلەفیزیۆن بەرنامە پێشکەش دەکات، بەڵام وا پێدەچێت (سەڵاح) زۆر حەزی لەوە نەبێت، چونکە هیچ هاوکاری ناکات لەوەی منداڵەکەی (سوها) لەباوەش بگرێت و ئاگای لێبێت، ئەمەش (ئیمان) پەست و نیگەران دەکات تا ئەو ڕاددەیەی لەلای دایکی بێزاری دەردەبڕێ و داوای جیابوونەوە لە (سەڵاح) دەکات، بەڵام دایکی ئەمە ڕەتدەکاتەوە و پێیدەڵێ کە تۆ کەسێکی لەخۆبایی، یان ڕەنگە لەگەڵ پیاوێکی دی دەستت تێکەڵ کردبێ، هەرچی (ئیمان)ـە؛ ئەمە ڕەتدەکاتەوە، ئەگەرچی لەڕاستیدا لەگەڵ پیاوێک بەناوی (هیشام) پەیوەندی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە تەلەفیزیۆن، بۆ مەبەستی ڕوومالی کۆنفرانسێکی ئەدەبی شاند دەکرێت بۆ تونس، وەلێ دایکی دەڵێت: ئیمان؛ تۆ دووگیانی و پیرۆزبایی لێدەکات. ئەویش زۆر سەرسام دەبێت، پاشان براژنەکەی (سەوسەن) پیرۆزبایی لێدەکات، دواتر (سەڵاح) یش پیرۆزبایی دووگیانبوونی لێدەکات، هەرچەندە (ئیمان) لەلای سەیرە کە دووگیان بووە، چونکە بەردەوام حەبی ڕێگری لە دووگیانبوونی خواردووە، نازانێت کە جارێک لەبیری چووە.

لەڕووی ناولێنانەوە؛ ڕۆماننووس ڕەنگە بەمەبەست ئەم ناوانەی هەڵبژاردبێت، بۆ نموونە (هیشام) بەمانای هەپروونبوون و وردوخاشبوون دێت، ڕەنگە ئەمە لەشوێنی خۆی بێت، چونکە ژیانی ئاسایی (ئیمان) و (سەڵاح) تێکدەدات، هەروەها واتای ناوەکە لەگەڵ ژیانی ژنەکە دەگونجێت؛ بەوەی ڕۆژگار دەیهاڕێت و بێبەشە لە خۆشەویستیی باوک و برا و هاوسەر. هەرچی ناوی (سەڵاح)ـە؛ بەواتای چاکە و چاککردن دێت، کە بەپێی دایکی (ئیمان) بێت؛ ناوەکە گوزارشت لە کەسایەتی (سەڵاح) دەکات کە بەڕاستی کەسێکی باش و پاکە، بەڵام لەچاوی (ئیمان)ـەوە وانییە و ئەم پیاوە هی ئەوە نییە کە ببێتە هاوسەری. هەروەها کەسایەتی (سوهێر) کە هاوڕێی زانکۆیی (ئیمان)ـە، لەڕێگای ئەم کەسایەتییەوە؛ باسی شەڕی عێراق و کوێتیش دەکات، چونکە هاوسەری (سوهێر) بۆکارکردن چووەتە کوێت و لەوێ دەژین. بەپێی ئەم ڕۆمانە؛ ئەو کات سەرۆک کۆماری عێراق؛ هاواری لێهەڵدەستێ و داوای ڕاگرتنی شەڕ دەکات، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان لە لەشکری عێراق دەدەن و لە کوێت وەدەری دەنێن.

لێرەدا؛ کێشەی کۆمەڵایەتی ناو خێزان باس دەکات، کە ئەمە وەکو ئەزموونێکە لە ژیاندا، لەوەی دەکرێت مرۆڤ ڕێز لە یەکتر بگرن و ژیانیان بەخۆشی و خۆشەویستی و بێ کێشە ببەنە سەر، هەروەک ڕۆڵی باوک بەرز دەنرخێنێت، چونکە سۆزی باوک سێبەرێکە بەسەر منداڵەکانییەوە، ئەگەرچی کەسایەتی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا؛ لێی بێبەش بووە، لەدوای باوکێکی بەرپرسیش، ڕۆڵی برا زۆر گرنگە، وەکو سایەیەک بۆ خوشکەکانی، چونکە ژیان بەرپرسیارێتیە، لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا ؛ برا؛ لەدوای باوک ئەرکی چاودێریکردن و بەرپرسیارێتی خێزانی دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەت هی خوشکەکانی، هەروەها ژنیش وەک بوونەوەرێک مافی ژیانێکی خاوێن و شیاوی هەیە کە هەم ڕۆڵی دایک و خوشک و خێزانیش دەگێڕێت و ئەمەش گەوهەرێکە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت و لەئاستیدا بێت. هەروەها دایکایەتی بەئەرکێکی سەخت دادەنێت، چونکە پەروەردەکردنی منداڵی دەکەوێتە ئەستۆ، سەرباری ئەوەی ژیانی هاوسەری بەتەنیا لەبوارێکدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی مرۆیی و ڕەوشتیە، دەبێت بەڕەوشتەوە مرۆڤەکان لەهاوسەرگیریدا




به ر پر سیا ر ێتییه کا ن هەڵگرن و، ژیانێکی شیاو بەمرۆڤبوون بژین. لەلایەکی دیکەوە باسی ژیانی هاوڕێیەتیش دەکات کە دەبێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێزیان لێ بگیردرێت و مافی خۆیان پێ بدرێت. ئیدی ئەم ڕۆمانە؛ جیهانێکی جاڵجاڵۆکەییە، تۆڕێکە بە چەندەها سەرەداو پێکەوە گرێدراوە، خەیاڵێکی بەربەرینی ڕۆماننووسە لە ژیانی واقیعیی کەسایەتی سەرەکی (ئیمان) دا.

گێڕەرەوە لەم ڕۆمانەدا؛ کەسایەتی سەرەکیە و بە ڕاناوی کەسی یەکەم قسە دەکات، وەک ئەوەی هەموو شتێک دەربارەی کەسایەتییەکان بزانێت؛ وەسفیان دەکات و دەیانناسێنێ، بۆیە لێرەدا؛ ئاستی زانیارییەکانی ڕۆماننووس و کەسایەتیی سەرەکی (ئیمان) وەکو یەکە. بەڵام دوو کەسایەتی جیاوازن، واتا ڕۆمانەکە بەشێک نییە لە یاداشتەکانی ڕۆماننووس، دەکرێت سوودی لە یاداشتەکانی هاوڕێیەکی وەرگرتبێت، یانیش بەگشتی لەژینگەی ژیاندا کەڵکی وەرگرتووە و، ویستوویەتی وەکو کچێک کێشەی ژن بەگشتی بخاتەڕوو، هەروەها پەنهانییەکانیان و دیوە شاراوەکانیان پیشانبدات کە هۆی دەردەسەری و کێشەی زۆرن بۆیان.

هەرچی پەیوەندی بە کاتی ڕۆمانەکەوە هەیە؛ لە دوو ئاستدایە: ئاستی یەکەمیان؛ هەمان کاتی گێڕەرەوەیە، هەروەها ئاستەکەی تر؛ هی ڕوودانی ڕووداوەکانە، بەگشتی ڕۆمانەکە باسی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەکات.

ڕۆماننووس "مونا مەنسوور" لە ڕۆمانی (ڕۆژانێک بەبێ خۆشەویستی)دا؛ دەکرێت بڵێین: گەشتێک بەلاپەڕەکانی ژیانی ژنانی میسردا دەکات و، لەچاوی (ئیمان)ـەوە؛ ئەوە دەخاتەڕوو، وەک ئەوەی بەناوی کەسایەتی سەرەکییەوە قسە بکات؛ دەیەوێت بڵێت: لەتەنیایی خۆیدا بەهاو ڕاگری ژیانی هەر دایکیەتی، هەروەک ئەوەی ئەم سەرنجە خێرایە؛ بەگێڕانەوەیەکی ڕاشکاو ناخاتەڕوو، بەڵکو وەکو پردێکی پێیزە هەڵوەریو، وەکو هێما و ئاماژەی ئەوەی ئەو لەم تەنیاییەدا؛ هۆگری لە پەیوەندییە ساردوسڕەکانی ڕۆژگاریش دەخولقێنێ، بۆیە ئەم هۆگریە؛ بارگاویە بەزۆر ئاماژەی ناڕوون، هەر ئەوەیە کە کچێک لە تەمەنێکی هەڵکشاودا؛ لەژانی دەروون و ئازاری هەستدا تابلۆی دایکی جارێکی دیکە دەکاتەوە بەپێکەنینێکی خۆڵەمێشی، پێکەنینێک وەک هەناسەی مردوو لەگەڵ بەختی وەخەبەرنەهاتووی خۆیدا. لە ڕۆمانەکەدا؛ بوێری و ڕاشکاوی هەڵدەهێنجرێت، ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە لە پێشکەشکردنی بۆچوونەکەی لەڕێگای نووسینی هونەری ڕۆمانەوە و توانیویەتی گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی خێزان و ناخی ژن بکات. دەکرێت بڵێین: ڕۆمانی"ڕۆژانێک بەبێ خۆشەویستی"؛ جیهانێکی جاڵجاڵۆکەییە؛ لە خەیاڵی "ئیمان"دا.

"مونا مەنسوور فەرماوی" چیرۆکنووس و ڕۆمانووسێکی میسری و خەڵکی شاری ئیسکەندەریەیە. خاوەنی سێ کۆمەڵە چیرۆکە بەناوەکانی (لەپێناو کوشتنمدا گۆرانی دەڵێم)، (ئەوەی ماوەتەوە بۆم) و (فرمێسکەکانی دڵۆپە شەونم). هەروەها دوو ڕۆمانیشی بڵاوکردوونەتەوە بەناوەکانی: خەونی باوکم و ڕۆژانێک بەبێ خۆشەویستی.

# دەسەڵاتی خوێنەر



**حەمە مەنتک**



لە دوای پەیدابوونی ئاراستە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، خوێنەر وەکوو ڕەگەز و بوونێکی سەرەکی لە دەق و بەرهەمهێنانی واتادا چاوی لێ کراوە. خوێنەر وەکوو بەدیلێک بەرانبەر دەسەڵات و باڵادەستیی نووسەر و دەق دێتە پێشەوە. خوێنەر دەبێتە پنتی دەلالی بۆ تێگەیشتن لە دەق. دەمەوێ بڵێم بەبێ خوێنەر پرۆسێسی تێگەیشتن لە دەق ڕوونادات. بەبڕوای (شلایەر ماخر)ی ئەڵمانی دەق چەندە کاتی بەسەردا تێپەڕێت، ئەوا ئاڵۆزتر و ناڕوونتر دەبێت، بۆیەش پێویستی بە ڕاڤەکردن هەیە. کەواتە هەموو دەقێک تاکوو خوێنەر دەستی بۆ نەبات و پرۆسێسی خوێندنەوە نەخاتە جووڵە، ئەو دەقە بە دەقێکی مردوو دادەنرێت. خوێنەر وەکوو بەدیلێک بەرانبەر دەسەڵاتی نووسەر لە ڕەخنەی کۆن و بەرانبەر دەسەڵاتی دەق لە مێتۆدەکانی بونیادگەری و سیمیۆلۆجیدا پەیدا دەبێت. بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی، خوێنەر باشترین کەسێکە کە بەوپەڕی ئازادییەوە توانای هەڵوەشاندنەوەی دەقی هەبێت، چونکە کرانەوەیەکە بەرانبەر دەق.

خوێنەر کەسێکی بەرهەمهێنە، چونکە بە گوێرەی ئەو پشتخانە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی، ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕاڤە بەرهەم دەهێنێت. ئەو، ستراتیجی خوێندنەوە بەگەڕ دەخات. ئاسۆی فراوان بۆ خوێندنەوە و دەق دەکاتەوە، کەرەسەکانی ڕاڤەکردن چالاک دەکات. تەنانەت خوێنەر ڕۆڵی لە چالاککردنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. لێرەوەیە خوێنەر بەپێی دەسەڵاتی خۆی تاکواتایی ڕەت دەکاتەوە. هەوڵ دەدا بۆ یەک دەق چەندین شیکردنەوە و ڕاڤە بکات. کەواتە پێوەندیی خوێنەر لەگەڵ دەق لەسەر ئەو ئاگایی و هوشیاریەی خوێنەر وەستاوە کە بە هۆیەوە درک بە گەوهەری دەقەکە دەکات. پرۆسێسی خوێندنەوە بەبێ هوشیاری ئەنجامێکی نەزۆکی دەبێت، خوێنەر بەبێ کەرەسەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە ناتوانێت ئەودیوی دەق ببینێت.

کەواتە ڕاڤەکردن پشت بە هۆشیاریی خوێنەر دەبەستێ.


بەبڕوای (شلایەر ماخر) دەقی ئەدەبی زمان وەکوو داهێنان و خوازە بەکاردەهێنێت، زمان لە بەکارهێنانە ئاخاوتنی و سادەکەیدا دەردەهێنێت. بۆیەش لەسەر ڕاڤەکار پێویستە پاتە سیاقەکانی دەق بەرهەم بهێنێتەوە، لەوەش پتر بە شێوەیەک لە خاوەنی دەق باشتر لە دەقەکە بگات. کەواتە نووسەری ڕاڤەکار باشتر لە خودی نووسەری دەقەکە لە دەقەکە دەگات. بۆیە پرۆسێسی تێگەیشتن بە تێپەڕینی کات بەسەر دەقدا، لەڕێی ڕاڤەکردنەوە پێویستتر دەبێت. واتە بۆ تێگەیشتن پێویستمان بە ڕاڤەکردنی دەق هەیە. ئەم نووسەرە ڕاڤەکردن پێش تێگەیشتن دەخات. چەندی دەقەکە کاتی زیاتری بەسەردا تێپەڕێ هێندە خوێنەر تووشی بەدحاڵیبوون دەبێت، لێرەدا ڕاڤەکردن وەکوو پێویستییەک دێتە پێشەوە. تێزی ڕاڤەکردن لە کن ئەم نووسەرە هونەری بە خاوەنبوونی هەموو ئەو مەرجە پێویستانەن بۆ تێگەیشتن. کەواتە چەمکی تێگەیشتن لە کن ئەم نووسەرە پرۆسێسێکی گواستنەوەییە لەسەر جیاوازی بەندە، لە کۆمەڵێ بازنەی هێرمینۆتیکی پێکهاتووە، واتە تێگەیشتنی گشت لە چوارچێوەی تێگەیشتنی بەشەوە دێت، تێگەیشتنی بەشیش لە چوارچێوەی تێگەیشتنی گشتەوە دێت. کەواتە تێگەیشتن وشەیەکە لەناو ڕستەدا، لەگەڵ وشەیەکی دیکە لەناو هەمان ڕستە هاوتەریبە، یان جیاوازە.

ئەم ئاراستەیە بەرەو فرەیی ڕاڤەکردنمان بۆ یەک دەق دەبات، بێگومان کاتێ خوێنەر ئامادەیی دەبێت، چونکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەق ئەو لێکدانەوە و ڕاڤەکردنە جوایەز و فراوانە قبوڵ دەکات. لێرەدا پنتی جووڵان و چالاکبوون خوێنەرە، ئەو ملکەچە بۆ جووڵەی درککردن. کەواتە خوێنەر دەبێتە کەسێکی بەرهەمهێن، ئەنجام لە دەقدا دەردەهێنێت. بەمەیش پرۆسێسی چێژ دێتە پێشەوە. هەروەک "یاوس" دەڵێت: چێژوەرگرتن لە دوو ساتدا دێتەبوون، لە ساتی یەکەم خود بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەر بابەت دەکەوێت، لە ساتی دووەمدا چێژ لەناو دەقەکە خۆی دەردەخات. کەواتە تاکوو پرۆسێسی خوێندنەوە ئەنجام نەدرێت، بە واتایەکی دیکە تاکوو خوێنەرێکمان نەبێت دەق بجووڵێنێ، چێژی ئەدەبی پەیدا نابێت. کەواتە لەنێوان خوێنەر و دەقدا نابێت هیچ ناوبەندێک هەبێت، ئەوان دەبێت ڕاستەوخۆ بەر یەک بکەون. خوێنەر دەتوانێت زۆربەی ئەو بیر و گۆشەنیگا و جیهانبینیانەی لەناو دەقدا هەن کەشفیان بکات. خوێنەر کەسێکە، کودەتا بەسەر دەسەڵاتی نووسەر و دەقدا دەکات، خۆی دەبێتە ناوەندی بەرهەمهێنان و بیرکردنەوە. دەق لە چوارچێوە و قاڵب ڕزگار دەکات.

کرداری بەرهەمهێنان لەسەر پێوەندیی نێوان تێگەیشتن و کارلێککردن دەوەستێت، ئەوەی هوشیاریی خوێنەر لەناو دەقدا ئاشکرای دەکات، بەرەو ئەو چەمکەمان دەبات کە "لوی ئاڵتۆسێر" بە (خوێندنەوەی کەشفکردن) ناوی دەبات. لەبارەی ئەم چەمکەوە دەڵێت: دەق هەموو ئەو شتەی لە هەناویدا هەڵیگرتووە ئاشکرای ناکات، لەسەر خوێنەر پێویستە کەشفی بکات، وەک چۆن دکتۆر نەخۆشیی نەخۆشێک دەدۆزێتەوە. ئاشکرایە هەموو خوێنەرێک پەنا بۆ مێتۆدێکی زانستی بۆ خوێندنەوەی دەق نابات، بەڵام بە هەر دیوێکدا بێت، جۆرێک لە مێتۆد بەکاردەهێنێ، ئەویش بە تێڕامان لە شێوازی بنیاتی دەقەکە.

خوێنەر بوونێکە بەردەوام بە دوای دەرخستن و کەشفکردنی واتا و دەلالەتە جوایەزەکانی ناو دەقەوەیە. ئەو واتا و دەلالەتە ئێستێتیکیانە لەڕێی تۆڕێک لە توخم و ڕەگەزەوە دروست دەبن. ئەو توخم و ڕەگەزانە هەر یەکە و وەزیفەی خۆی هەیە، بە لێکدانی وەزیفەی هەموویان ئەرکی ئێستێتیکی دەق تەواو دەکەن. لەوێوە خوێنەر سەرەتا بەر ئەو ڕەگەز و توخمانە دەکەوێت. ئەو توخم و ڕەگەزانە وەستاییان دەوێت، ئەگەرنا ناوەوەی دەقەکە بە بۆشی دەمێنێتەوە. بەبێ دروستکردنی تۆڕێکی پتەو لە نێوان ئەو توخم و ڕەگەزانە، ئایدیۆلۆجیا و جیهانبینیی نووسەر دەسەڵات بەسەر دەقدا دەگرێت، بەمەیش دەق دەبێتە ئامرازێک لەپێناو ئایدیۆلۆجیای نووسەر. دەق بەتاڵ دەبێتەوە لە شیعرییەت و دەقبوون. کاتێک شیعرییەت و ئێستێتیکا دەبنە پێوەر، ئەوا دەق لە سەردەم و ساڵ و ئەو شتانە دادەبڕێنرێت، ئەوەی دەبێتە پێوەر داهێنان و جیهانبینییە. کەواتە وەکوو (عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا) دەڵێت: دەقی داهێنەرانە مەرج نییە لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەر و ڕۆشنبیریی باو یەکبگرێتەوە، بەڵکوو بایەخی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر و پانتایی ڕۆشنبیریی باو دووچاری شۆک و ئاوەژووبوونەوە دەکات. ئەو پێوەرانەی لەلایەن خوێنەری میللی و ڕەخنەگری میللییەوە بۆ خوێندنەوەی دەق دادەنرێن، لەلایەن دەقی داهێنەرانەوە تێدەپەڕێنرێن. ئەوەی جێی ئەو پێوەرانە دەگرێتەوە، چۆنیەتی پێوەندیی نێوان ڕەگەز و توخمەکانی دەقە، ئەمە دەبێتە تەجاوزکەری خوێنەری میللی. خوێنەری میللی کەسێکە کار لەسەر کوشتنی بەهای ئێستێتیکی دەقی ئەدەبی دەکات، چونکە هێندە ڕووکەشانە لە دەق دەڕوانێت، وەکوو دادوەرێک بڕیار دەدات. بڕیاردانیش هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی دەق بە یەک بیرکردنەوەوە. بەڵام خوێنەری خۆکرد، خوێنەرێکە لە خۆڕا بڕیار نادات، بەڵکوو هەر باوەڕی بە بڕیاردان نییە، خوێنەرێکە دەقی داهێنەرانە کەشف دەکات. خوێنەرێکە دنیابینی بەرانبەر دەق هەیە.

# کتێبێک لە دەرەوەی بازنەی وێژە!




**ئەحمەد عەلی**

کتێبی لە (ڕەخنەوە بۆ ڕەتکردنەوە)ی ڕۆژنامەنووس ئارام سدیق لە چاپخانەی (چوارچرا) چاپ کراو لەم دواییەدا بڵاوبووەوە. خۆی لەسەرەتاوە نووسیویەتی: ( لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی) ، بەڵام لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا زوو خوێنەر بێهیوا دەبێت لەوەی لە هیچ جێیەکی ئەو کتێبەدا بەر لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ناکەوێت کە پشتی بە میتۆدێکی ڕەخنەی هاوچەرخ و زانستی بەستبێت و لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکان بە وردی کاری کردبێت و شتێکی تازەی کەشف کردبێت، بەڵکو ڕەنگە شۆکێک بە خوێنەر بدات و جۆرە گرێ و پاڵنەرێکی غەریزیی نێگەتیڤی دەروونی تێدا بخوێنرێتەوە و هەستی پێ بکرێت، وەک دووپاتکردنەوەی ئەم زاراوانە لە زۆربەی لاپەڕەکاندا:

"واعیز، پاسیڤ، دەردەدڵنووس، ستایشکار، فریودان، نووسەری ساختە، تەوەزەل، شکستخواردوو، شاعیری ساختە، بێبایەخ، بیرکورتیی بنووس، کۆڵەواری، جوینەوەی قسەی سواوی بێسەروبەرە، وێرانە، خۆهەڵواسین، بێئاگا.... تاد"

لە کاتێکدا ئەو قەڵەمبەدەستە بەڕێزانەی باسیان کراوە و توانجیان لێگیراوە، زۆر بە توانان لە دنیای نووسیندا و دەبوو ئارام دەستی ڕێزی لە بەرهەمەکانیان بنایە، نەک هەر ئەوانە بەڵکو لە پەرەگرافەکانی هەمان کتێبدا پلار دەگرێتە کەسانێکی تری لێهاتووی وەکو: لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، شێرزاد حەسەن، ئیسماعیل حەمەدەمین، عەتا نەهایی، بەکر عەلی ، ئەحمەدی مەلا و چەندانی تر.

من بەشبەحاڵی خۆم لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر کتێبێک نووسیوە کە ئەو بێ هیچ شیکاری و بنەمایەکی زانستی و شەنوکەوکردنێک توانجی بێ بنەمای لە نووسەرەکەی و بەشداربووەکانی ناو کتێبەکەش گرتووە، ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت، دەمەوێت ئارام سدیق لە چەند هەڵەیەک ئاگادار بکەمەوە:

-1 ئایا لاکان شیعری نووسیوە؟

لە لاپەڕە 166 دا ئارام سدیق دەنووسێت:

" جارێکیش لاکانی لێ دەبێتە شاعیرە و دەنووسێت (هەندێ لە شیعرەکانی لامارتین وا لێکدەدرێنەوە زوو خۆیان نادەن بەدەستەوە) دەشێ بپرسین ئایا لاکان شیعری نووسیوە؟"

سەرەتا من وام نەنووسیوە! نازانم (لامارتین) لە کوێوە هاتووە؟ دەبوو بە ئەمانەتەوە وتەکە بگواسترایەتەوە کە نووسیومە (لاکان) ، جگە لەوەی لە ڕووی ڕێزمانەوە دەبوو بینووسیایە (شاعیر) نەک (شاعیرە)، ئەمانە لە لایەک، بەس سکاندالەکە لەوێدایە کەسێک خۆی بە ڕەخنەگر بزانێت و زانستی ئەوەی نەبێت کە بەڵێ (لاکان) شیعری نووسیوە، ئەمەیە کۆڵەواریی ڕاستەقینە، نەک ئەو توانجانەی بەخشیونێتیەوە بە کۆمەڵێکی زۆر نووسەری کورد لەناو کتێبەکەیدا.

بەڵێ، بۆ یەکەمجار ژاک لاکان لە ساڵی 1933 شیعرەکانی لە گۆڤاری **Le phare de Neuilly** دا بڵاوکردەوە، ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی سوریالیی مانگانە بوو لەلایەن (لیز دەهارم)ەوە دەردەکرا. ئەمەش نموونەی شیعرێکیەتی بە ناونیشانی (باوەڕی عەقڵانی) لەگەڵ کۆپی لاپەڕەیەکی ئەو گۆڤارە.

-2 هەروەها لەلاپەڕە 161دا دەنووسێت:

" هیچکام لەو نووسەر و شاعیرانەی لەم کتێبەدا نووسینیان بڵاوبۆتەوە یەک ڕەخنەیان لەسەر شیعرەکان نەنووسیوە، بەڵکو زیاتر شرۆڤەیان کردووە و خوێندنەوەی خۆیان پێشکەش کردووە".

جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین گوایە ڕەخنەی نوێ خوێندنەوە و ڕاڤەی دۆزینەوەکان نییە؟ ڕەنگە لای خاوەنی کتێب ڕەخنە توانجدان و فڕێدانی حوکمی پێشینەی سەرپێیی بێت؟ بیرنەکردنەوە و خۆ ماندوونەکردنە. خۆزگە نووسەر لەم ڕووەوە ئاشنا دەبوو بە چۆنیەتی و شێوازی هەندێک کاری ڕەخنەی جیهانی و ئەوسا ڕای خۆی دەردەبڕی.

لەلایەکی ترەوە نووسەر بەم وتەیەی پێچەوانەی ئەو وتەیە دەوەستێتەوە کە خۆی لەلاپەڕە 23 دا هێناویەتییەوە و هاتووە: "ڕەخنەگر کەسێکە کار لەسەر شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی دەکات".

-3 لە لاپەڕە 166 دا دەنووسێت:

" چۆن دەزانن ئەو دالانەی شاعیر بەکاریهێناوە چەندین مەدلول لە خۆ دەگرێت؟ "

لە وەڵامدا دەڵێم گەر کەمێک بە وردی لێکۆڵینەوەکەی بخوێندایەتەوە و تەماشای لاپەڕە 45 و 47ی بکردایە، دەیبینی کە دال و مەدلولی جیاواز ئاماژەیان پێدراوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە لە سۆنگەی ڕۆچوونی قووڵ بۆ دەقەکان و سەیرکردنیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

من بەشبەحاڵی خۆم بە هەنگاوێکی ئەرێنیم زانی وەڵامی ئەو پێشنیارە بدەمەوە کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوکرایەوە بە بەشداریکردن لە کتێبێکی ئاوها لەبارەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، میتۆدی من لەو لێکۆڵینەوەیەشدا کارکردن بووە لەسەر بنیادی زمانی دەقەکە، جا گەر لە دیدێکی سادەو سەرپێیی خاوەنی (لە ڕەخنەوە بۆ ڕەتکردنەوە) بە خوێندنەوە دادەنرێت، ئەوا هەڵبەت لای من لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ جۆرێکە لە خوێندنەوە، سەبارەت ئەوەی ئەو بەشداری نەکردووە، ئەوە پەیوەندی بە تواناکانی خۆیەوە هەیە، بەس هێندی من ئاگاداری هەندێک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بم، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بە زمانەکانی جگە لە کوردی لە لایەن کەسانی ئەکادیمییەوە بۆ کراوە، باوەڕ ناکەم پێویستی بەوە بێت بە ستایشی ئەو ببێتە شاعیر یان بە توانجدان لە شیعر نووسین بکەوێت، دواجار حەز دەکەم ئەو هەڵەیەش ڕاست بکەمەوە کە لە لاپەڕە 140دا تێیکەوتووە و نووسیویەتی:

" لە زمانی عەرەبیدا بە یاداشت دەوترێت مزکرات" ئەمە هەڵەیە و دەبوو بنووسرایە "مژکرات".

هەروەها بەکارهێنانی وشەی (بنووس) لەلایەن نووسەرەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕووی ڕێزمانەوە هەڵەیە، چونکە ئەمە دەبێتە فەرمان:

بـ+ چاوگ = فەرمان وەک : بـ+ خۆ= بخۆ، گونجاوتر بوو وشەی نووسەر یان نووسیاری بەکاربهێنایە.

بەم خۆزگەیە دوایی بەم کورتە نووسینە دێنم و دەڵێم: خۆزگە دنیای ناسک و هەستیارو پڕ ڕامانی ئەدەبمان نەدەشێواند بە تێگەیشتنی هەڵە و کاڵوکرچی خۆمان، بەڵکو کورد گوتەنی: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب دەبوو.

هەر بەم جۆرەش ڕەخنەمان بۆ ڕەخنەنووسانی شارەزا و شایستەی بوارەکە جێدەهێشت.

# لە تیرۆری پاشای گەورەوە تا جمهووریی ڕواندز




TURKIET.
Constantinopel den 31 Okt. Uti bref från Trapezunt berättas, att den bekante Revendus Bey, hvilken af Sultan hade blifvit benådad och åter insatt i en del af sina förra värdigheter, nu skall hafva lidit dödsstraffet, såsom öfverbevist om förbjuden correspondens med de upproriska Kurderstammarna. — Dok-

هەر ئەو ڕۆژنامەیە کە هەواڵی کوشتنی پاشای گەورەی بڵاو کردۆتەوە
Post- och inrikes tidningar 11/12/1837

سەرچاوە: www.nefel.com
نووسەر: ڕۆهات ئالاکۆم (3.8.2018)
http://nefel.com/articles/article_detail.asp?RubricNr=2&ArticleNr=7548




TURKIET.
Constantinopel d. 28 Sept. Enligt de underrättelser, af d. 10 dennes, Porten erhållit från Reschid Mehemed Pascha, har han företagit ett fälttåg mot en Kurd-stam, kallad Revendusch, dervid han understödjes af Guvernörerne i Bagdad och Mosul. Landet är, i nämde trakt, så bergigt och vägarne i så dåligt skick, att man hade största möda att transportera troppar och kanoner. Det oagtadt, hade Reschid Paschas företag haft bästa framgång; landet besattes, och från rebellerne togos 50 befästade orter och skansar. Revendusch Bej, hvilken tillvällat sig styrelsen öfver denna provins, med titel af Pascha, har blifvit tillfångatagen; en stor mängd rebeller blefvo dödade, och de öfrige hafva redan underkastat sig Sultanens välde, så att rebellionen i Kurdistan kan anses såsom slutad. Reschid Pascha berömmer de Turkiska troppars tapperhet, som fäktat under hans befäl.

ڕۆژنامەیەکی سویدی کە باسی گرتنی پاشای گەورە دەکات
Post- och inrikes tidningar 29/9/1836

سەرچاوە: www.nefel.com
نووسەر: ڕۆهات ئالاکۆم (3.8.2018)
http://nefel.com/articles/article_detail.asp?RubricNr=2&ArticleNr=7548

◄ ئاسۆ مامزادە



**بەشی سێیەم و کۆتایی**

## چۆنیەتیی تیرۆری پاشای گەورە و ڕووداوەکانی پاش کوژرانی و سەردەمی جمهووری و دارمان

وەک لە بەشی دووەمدا باسمان کرد، محەممەد شای قاجار کە لە 1834 بوو بە شای ئێران، پەیمانی ئاشتی لەگەڵ پاشای گەورە مۆر کرد و بەو شێوەیە میر دەستی لە لاجان هەڵگرت. (لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەڵەیەک ڕاست بکەمەوە: لە بەشی دووەمدا محەممەد شای قاجارم بە ئاغا محەممەد خانی قاجار دانابوو، لێرەوە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی هێژا دەکەم).

لەوانەیە پرسیار بکەن شای ئێران لە کوێ و شای سۆران لە کوێ؟ لە ساڵی 1831ەوە سوپای شانشینی سۆران لە سێبەری فەرمانڕەوایی پاشای گەورەدا خاوەنی نزیکەی 25 هەزار پیادە و 15 هەزار سوارە بوو، لەشکرێکی بە دیسیپلین بە بەرگی یەکپۆش و تۆپ و چەک و جبەخانەی تایبەتی، لەشکری ئێران ئەگەرچی زۆرتر بوون، بەڵام لانیکەم لەو سەردەمەدا یەکپۆش و یەکدەست و بە دیسیپلین نەبوو، هەرچەندە پلە و پایەی سەربازییان هەبوو، بەڵام بە کردەوە هیچ کات پابەندی ئەو پلەبەندیانە نەبوون و تەنیا لەسەر وەرەقە هەبوون، تا گەیشتە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار، ئەو شایەی ئێران کە لە ساڵی 1848 هاتە سەر حوکم، لەو سەفەرانەی کە بۆ ئەوروپای کردن، داوای لە نەمساییەکان و ڕووسەکان کرد ئەمانیش فێری ئەو دیسیپلینانە بکەن. هەر بۆیەش یەکەم فەوجی ئەوروپی نەمساییەکان دایانمەزراند کە پاش ماوەیەک هەڵوەشایەوە، دواتر ڕووسەکان ساڵی 1878 لە ئێران (قەزاقخانە)یان دامەزراند. 43 ساڵ دواتر (1921) ڕەزاشا هەر بە یارمەتیی ئەو قەزاقخانەیە بە کودەتایەک خانەدانی قاجاری هەڵتەکاند و بۆخۆی بووە شای ئێران. ئەویش دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی سوپای ئێران بە دیسیپلینی سەربازی و شێوەی سەردەمیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەروبەندی شەڕی جیهانیی دووەم بەرگەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی نەگرت و ساڵی 1941 لە زەوی و ئاسمانەوە ئێران داگیرکرا و سوپاکەشی لەبەریەک هەڵوەشایەوە.

کەواتە شانشینی سۆران ڕێک 48 ساڵ پێش ناسرەدین شا و 90 ساڵ پێش ڕەزا شا، سوپایەکی بە دیسیپلین و ڕێکوپێکی دروستکردووە، بەڵام لە کۆتاییدا هەم سوپای سۆران و هەم سوپای ئێران بەرگەی گەمە نێودەوڵەتییەکانیان نەگرت و بە سوپای عوسمانییشەوە کە بە دڵنیایی لە هەردووکیان بەهێزتر بوو، لە ماوەی نێوان 100 ساڵدا دارمان.

بەڵام دوا وێستگەی پاشای گەورە کامە شەڕ بوو و چی بەسەر هات؟ سەرکەوتنەکانی پاشای گەورە هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازیی کوردی لە هەموو کوردستان بەرز کردبووەوە و ئەوەش بۆ عوسمانی مەترسیدار بوو. هەروەها ئەو بابەتە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا و بەریتانیا و ئێرانیش نەبوو، گوشارێکی زۆریان لەسەر عوسمانی دانابوو، بەتایبەتی کە میر محەممەد بەداخەوە کوشتاری لە مەسیحییەکانیش کرد و ئەوەش بیانوویەکی باش بوو بۆ ڕۆژئاوا. هەر بۆیە سوڵتان مەحموودی دووەم بڕیاری دا بە یەکجاری کۆتایی بە هەوڵەکانی سەربەخۆیی کورد بێنێت و ساڵی 1833 خۆیان ئامادە کرد بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان.

### دواسەرکەوتن و کەوتن

لە یەکەم هێرشدا هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی محەممەد پاشای کوڕی مستەفا پاشای ئینجە بایراقدار ناردرایە سەر شانشینی سۆران، ئامێدیی پایتەختی پێشووی میرنشینی بادینانی گرت و پڕی کرد لە سوپا و ناردی بەدووی سەرۆکەکانی شێخان و هەموویانی کوشتن و ژن و منداڵەکانیشیانی بە دیل بردن بۆ موسڵ. لەو کاتەدا ڕەسووڵ بەگی برای میر و ئیسماعیل پاشای میری پێشووی بادینان و چەند سەرکردەیەکی تر چووبوونە ئاوەدانکردنەوەی قەڵای نیراوا. پیاوێکی زێباری بە شەو چوو بایراقدار بکوژێ، بەڵام بە هەڵە کەسێکی تری کوشت. بایراقدار ئەمجارە لە مووسڵەوە بەرەو ڕواندز دەرچوو. پاشای گەورە لەشکرێکی بە فەرماندەیی ڕەشید بەگ ناردە پێشی و لە نزیک زێی بادینان (زێی گەورە) بە سەختی شکستی دا و بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە ڕواندز.

میر هێزێکی 3000 سەربازی بۆ ئیسماعیل پاشای ئامێدی نارد، ئیسماعیل پاشا نامەیەکی بۆ خەڵکی ئامێدی نارد کە: "یارمەتیی دوژمنانی کورد نەدەن، چۆن دەبێ لەبیر بکرێ کە ژن و منداڵی کوردیان لە مووسڵ فرۆشتووە". بایراقدار ویستی پێشتر خۆی بگەیێنێتە ئامێدی، بەڵام ئیسماعیل پاشا هاتە سەر ڕێگای و پیس شکا و ڕایکردەوە مووسڵ.

دیسان بایراقدار بەرەو ئامێدی ڕۆیشت و هەمان ئیسماعیل پاشا ئەمجارە لە شێخان پێشی لێ گرت و دیسان شکاندی و مزگێنیی ئەو سەرکەوتنەی بە دیارییەکی زۆرەوە بۆ میر نارد و ڕەسووڵ بەگی برای میری بە 600 پیاوی ئازاوە لەسەر ئامێدی داناوە و بۆخۆشی گەڕاوە بۆ دهۆک.

بەوشێوەیە کاتێک کە سوڵتان مەحموودی دووەم لە 1/7/1839 لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا سەری نایەوە، ئیمپراتۆریی بێ ڕواندزی بۆ کوڕە شازدە ساڵیەکەی (عەبدولمەجید) بە میرات بەجێهێشت. عەبدولمەجید لە یەکەم ڕۆژی سەڵتەنەتیەوە بە ڕادەیەکی سەیر لە ژێر کاریگەریی دیپلۆماتێکی بەریتانی بوو بە ناوی (لۆرد ستراتفۆرد کانینگی تەمەن 53 ساڵ).

هەروەها مستەفا ڕەشید پاشای سەفیری پێشووی عوسمانی لە فەڕانسە و بەریتانیا بووە ئەندازیاری شەڕی دژی کوردستان و لە یەکەم هەنگاودا لە هاوینی 1834، بە هێزێکی چل هەزار نەفەرییەوە لە سامسۆن و ڕێی سیواس و مەلاتیەوە هێرشی بۆ سەر کوردستان کردەوە. لەسەر ڕێگا کە بە زەبری شیر و ئاگر پێیاندا تێدەپەڕی، بەرەوڕووی والی و شازادە و سەرۆک عەشیرەتێکی زۆری کورد بووەوە کە ئامادە نەبوون سەر بۆ سوڵتان نەوی بکەن، شەڕێکی نابەرابەر بوو، تورکەکان هەرچی زیاتر دەچوونە پێشەوە زێدەتر شڕ دەبوون. بەتایبەتی لە لایەن ئێزدییەکانی (سیرت)ەوە کە ئێستا ئەرمەنیەکانیش هاتبوونە پاڵیان، زەبری کوشندەیان بەرکەوت. سەرکوتی ئێزدییەکان هاوتەریب بوو لەگەڵ بەئیسلامکردنیان بە زەبری شمشێر. هێزەکەی ڕەشید پاشا زۆر شڕ دەبێت و لەبەر هاتنی وەرزی زستانیش پشوویەک وەردەگرن. میر محەممەدیش لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و بەرەو ئێرانی ئاژۆت و ئامانجی گرتنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران لە ناوچەی سوڵدوز بوو، هەرچەند حکومەتی ئێران بەرگرییەکی ئەوتۆی نەکرد، بەڵام ئەو هێرشە دەستکەوتێکی وای بۆ میر نەبوو، تەنیا بووە هۆی ئەوەی نەتوانێ لە بەرامبەر دوژمنی سەرەکیدا کە خۆی لێ مات کردبوو، خۆی تەیار بکاتەوە.

مستەفا ڕەشید پاشا لە بەهاری 1836 هێزەکانی ڕێکخستەوە و پاش گرتنی جزیرە، زاخۆی گرت و چووە سەر ئاکرێ و قەڵاکەی گەمارۆ دا. سەرهەنگی لەشکری سۆران (پیربال چاوەش) سێ مانگ بەرگری لە قەڵای ئاکرێ کرد، بەڵام پاشان زێبارییەکان پشتیان تێکرد و بەوشێوەیە پیربال چاوەش نەیتوانی بەرگری بکات و لەگەڵ هێزەکەی بە شەو قەڵایان بەردا و گەڕانەوە ڕواندز.

مستەفا ڕەشید پاشا لە بلیمەتیی پاشای گەورە ئاگادار بوو، بەو پێیە بەو سەرکەوتنە غوڕڕا نەبوو، داوای هێزی زیاتری لە ئەستەنبوڵ کرد.

میر نامەیەک بۆ "محەممەد شا"ی ئێران دەنووسێت و بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان داوای یارمەتی دەکات، بەڵام هیچ وڵامێک وەرناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەدڵنیایی ئەوە ئاواتی ئێران بوو کە دراوسێیەکی بەهێز و مەترسیداری وەک شانشینی سۆران نەمێنێت، هاوکات ئەمیر نزامی والیی تەورێزیش بە هاوکاریی بەریتانییەکان لەگەڵ ڕەشید پاشا ڕێککەوت و بە لەشکرێکی دە هەزار نەفەرییەوە هەموو ئەو والیانەی پاشای گەورە لەسەر شارە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران دایناببوون، وەدەرنان، بەڵام نەیوێرا لەوە زیاتر بچێتە پێشێ.

ڕەشید پاشا کە ئێستا لەشکری سیواس، مووش، بتلیس، دیاربەکر، بەغدا و کوڕی بایراقدارەکەشی لەگەڵ بوون، زێدەتر لە ڕواندز نزیک دەبووەوە.

میر ڕواندز قایم دەکات و ناهێڵێت شەڕ بکەوێتە خودی پایتەختەوە و بە هێزێکی زۆرەوە دەچێتە دەشتی حەریر و پێشتر لەشکرێک بە فەرماندەیی سەرهەنگی سەرهەنگان "ئەحمەد بەگ"ی برای دەنێرێتە سەر مستەفا ڕەشید پاشا و لەسەر زێی بادینان پەلاماری هێزە گەورەکەی دەدات و دەیشکێنێت و بە دەستکەوتی زۆرەوە دەگەڕێتەوە لای میر لە حەریر.

لێرەدا ئەوەی کە بە بیری کەسدا نەدەهات ڕووی دا، میر دوای لووتکەی سەرکەوتنی سەربازی، چۆن بڕیاری دا لەگەڵ ڕەشید پاشا ڕێکبکەوێت و بچێتە ئەستەنبوڵیش؟

بابەتەکە چی بوو؟ دیپلۆماتێکی گەنجی بەریتانی بەناوی ڕیچارد وود ( (Richard Wood ، پێیوابوو ئەگەر سوپای عوسمانی بگاتە ڕواندز زۆر بە زەلیلی دەشکێت، هەر بۆیە دیدارێکی لەگەڵ عەلیرەزا پاشای والیی بەغدا کە لەگەڵ میر محەممەد دۆستایەتی هەبوو، ساز کرد. وود دەیتوانی بە دوو باردا عەلیرەزا پاشا ڕازی بکات، یان هێزەکانی عوسمانی لەناو ببەن یان لەشکری سۆران، هەردووکیان لە بەرژەوەندیی بەریتانیادا بوو، چونکە لەناوچوونی هەرکام لەم هێزانە بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی دروست دەکرد، دوور نەبوو قاجارەکان کە بەم نزیکانە سلێمانی و شارەزووریان داگیرکردبوو، پڕی بکەنەوە. هەڵبەت حەزی دەکرد هاوپەیمانییەکی بەهێزی نێوان پاشای گەورە و هێزەکانی عوسمانی کە لە بەغدا جێگیر بوون، دروست بێت و بەم شێوەیە دەبوونە بەربەستێکی بەهێز لەبەردەم ئێران، بەڵام عەلیرەزا پاشا کە حەزی دەکرد ڕەشید پاشا بشکێنێت، گیانی خۆی خستە مەترسییەوە و بە پێشنیاری ئاشتیەوە لەگەڵ وود چوون بۆ پایتەختی شانشینی سۆران.

هاوکات نوێنەری قاجاریش چوو بۆ ڕواندز بۆ ئەوەی دانوستاندن لەسەر چۆنیەتی پێدانی مافی پەنابەری بە میر محەممەد و هاوکاریکردنی سۆران بکات لە بەرەنگاربوونەی عوسمانیدا. وود بە میر محەممەدی گوت هێزەکانی عەلیرەزاشا چوار سەعات لە ڕواندزەوە دوورن و میر محەممەدیش پاش بیستنی ئەم هەواڵە و پاش پێدانی بەڵێنی پاراستنی لە چوون بۆ ئیستەنبوڵ و پێدانەوەی شانشینەکەی، چوو بۆ ئەستەنبوڵ. ڕەشید محەممەد پاشا وەک عەلیرەزا پاشا



پێشبینی کردبوو بەو بڕیارە زۆر تووڕە بوو، چونکە ئاواتی ئەوە بوو کە پاشای گەورە لە مەیدانی شەڕدا شکست بدات و لەڕاستیدا ئەو ڕووداوە بۆ ئەو شەرمەزارییەکی گەورە بوو.

لە ڕیزی هێزەکانی قاجاردا کە ئاودیوی سنوور ببوون بۆ (بەڕواڵەت) یارمەتیدانی پاشای گەورە، فەوجێکی هەشتسەد کەسیی ڕووسیش هەبوون کە ئەوە گرنگیی ئەو ناوچەیەی بوو بۆ زلهێزەکان نیشان دەدا.

سوڵتان ئیحترامێکی زۆر بۆ پاشای گەورە دادەنێت و پێشوازییەکی شاهانەی لێدەکات و لەوانەیە بەڵێنی حکومەتی هەموو کوردستانیشی بە میر دابێت. بەڵام لەڕێی گەڕانەوەدا و بە ئیحتمالی زۆر لە ناو پاپۆڕی شاهانەدا کە بە دەریای ڕەشدا لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ترابزۆن دەچوو، تیرۆر دەکرێت و تەرمەکەشی هەرگیز نەدۆزرایەوە.

پاشای گەورە کچەمامێکی خۆی (خەجیج خاتوون)ی بایز بەگی هێنابوو، کچێکی بوو بە ناوی (شازادە ڕابە)، کە پاش هەواڵی تیرۆرکردنی باوکی لە هەڕەتی لاوێتیدا گیانی دەرچوو.

### مەلای خەتێ

لە دوای دارمانی شانشینی سۆرانەوە، بە درێژایی ئەو مێژووە باسی کەسایەتیەک دەکرێت بەناوی مەلای خەتێ کە مفتیی حکومەتی سۆران بووە و گۆیا ئەو فتوای بۆ سوپا دەرکردووە کە کەس نابێ لە دژی خەلیفە شەڕ بکات و بەوهۆیەوە شانشینی سۆران دارماوە، بەڵام من وەک خۆم بڕوام بەوە نییە و بەوپێیەش دەقاودەق پوختەیەک لە قسەکانی شێرکۆ هەژار لەسەر مەلای خەتێ لێرەدا دەخەمە بەرچاوی خوێنەری هێژا، چونکە زۆر جوانی پێکاوە و پێویست بە درێژدادڕیی من ناکات:

(حوزنی کە باسی یەکەم شەڕی گەورەی نێوان سۆران و عوسمانی دەکات، دەڵێت: "ئەگەرچی عولەمایان نەیاندەهێشت شەڕ لەگەڵ تورکان بکا، بەڵام ئەحمەد بەگی سەرهەنگ قبووڵی نەکرد و گوتی دەبێ شەڕ بکرێ، لەشکری میر لە نزیک زێی بادینان پێشیان بە سوپای عوسمانی گرت و گەلێک تالانیان دەست کەوت و گەڕانەوە ڕواندز".

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە قسەی عولەما هەموو کات- بەتایبەتی لە بابەتی سەربازیدا - گوێی لێ نەگیراوە، پاشان لە هەموو مێژوودا زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێت مفتی گوێڕایەڵی پاشاکان نەبووبن، ئەی ئەو ماوەیەی پتر لە چارەگە سەدەیەک میر دژی عوسمانییەکان بووە و ئەو هەمووە مام و خزم و کەسوکارەی خۆی دەخنکاندن، بۆچی ئەو موفتی و عولەمایانە متەقیان لێوە نەدەهات.

عوسمانی ئەگەر شەڕەکانیان وا بە هاسانی ببردایەتەوە، خۆ هەمیشە هەزاران فتواچیان هەبوون، ئیتر ئەو هەمووە شەڕەیان بۆچی دەکرد. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو قسەیەی کە فەتوایەک ئەو پاشا و جەنەراڵە گەورەیەی ڕووخاندبێت، قسەیەکە کردنی زۆر عەیبە و ئیهانەیەکی گەورەی مێژووی کوردە، خەجاڵەت ئێمە، پاشای کوێرە).

### پاشای گەورە یان پاشای کوێرە

بیروڕا لەسەر ئەو بابەتە زۆرن، مەغدید حاجی ئەمین لە کتێبی (سێ توێژینەوەی مێژوویی)دا دەنووسێت:

(میر محەممەد چاوێکی کەم بینا یان نابینا بووە و دکتۆر ڕۆس پزیشکی تایبەتیی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە بەغدا کە ساڵی 1833 لە ئاکرێ (ئاگری) لەگەڵ میر کۆبووەتەوە، ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە. بەڵام هەندێک نووسەر و کەسایەتیی کورد لە سەدەی بیستەمدا لەبەر ڕۆشنایی هەستی نەتەوەیی پێیان نەشیاو بووە بە پاشای کوێرە ناوی ببەن و بە گەورەیی سەیریان کردووە. هەر وەک گیوی موکریانی لە پاشبەندی چاپی دووەمی (مێژووی میرانی سۆران) دا نووسیویەتی: "گرەوی لە هەموو میرەکانی کوردستان بردووەتەوە و لە گشتیان بەدەسەڵاتتر و پڕ شانوشکۆتر بووە، بۆیە میری گەورەیان پێ دەگوت).

بەو پێیەی میر محەممەد کوشتارێکی زۆری لە ئێزدیەکانیش کرد، من پرسیارم لە چەند ڕۆشنبیرێکیان کرد سەبارەت بەو بابەتە، ئەوان گوتیان ئێمەی ئێزدی بۆیە پێیدەڵێین پاشا کوێرە؛ چونکە پێمانوایە پاشایەک کە چاوی لە نەتەوەکەی خۆی نەبێت و بیانکوژێت، کەواتە کوێرەیە.

بەڵام لەگەڵ کوێرەبوونی چاوێکی و هەموو هەڵەکانی، ناکاتە ئەوەی نەتوانین پێی بڵێین "پاشای گەورە"، وەکو زۆربەی سەرکردە گەورە پڕ لە هەڵەکانی جیهان کە نەتەوەکانیان شانازییان پێوە دەکەن.

### سەردەمی جمهووریی ڕواندز

پاش تیرۆری پاشای گەورە "ئەحمەد بەگ" کە ئەحمەدە لاڵەشی پێگوتراوە، دەبێتە بیستویەکەمین میری سۆران. بابان زۆربەی سۆران و بادینانی لە ژێر دەستی دەرهێنا. براکەی سولەیمان بەگی دووەم ویستی کودێتای لێ بکات، گیرا و خرایە زیندانەوە، بە تکای دایکی (بووک شازەمان) نەکوژرا.

سەردەمی پشێوی و یاخیبوون بوو و لە ژیانی خۆی ئەرخەیان نەبوو، هەر بۆیە لە کاتی چوون بۆ مزگەوت دوو ڕیز سەرباز هەردوولای سەرتاسەری ڕێگای مزگەوتیان بۆ دەگرت جا دەچوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە بەگزادەیەک (مەحموود بەگی وەسمان بەگ) هەینیەک بەر تفەنگی دا و دوای سێ ڕۆژ برینداری و قرکردنی بەگزادان، مرد.

سولەیمان بەگی دووەم دوای مردنی براکەی لە زیندان دەرهێنرا و سەرهەنگ و گەورەی لەشکر کردیان بە میر. کەوتە کوشتنی بێ مانای خەڵکی بێ تاوان (وەک ئیعدامکردنی زیندانەوانی کاتی زیندانیەکەی) و خەزێنەی حکومەتی بردە ماڵی خۆی و کردی بە هی خۆی. سەرهەنگەکان زۆریان ئامۆژگاری کرد بەڵام بێ فایدە بوو. ناچار دوای شەش مانگ حوکم، گرتیان و خستیانەوە زیندان.

لێرەوە سەردەمێک دەستپێدەکات کە لەپاش تیرۆری پاشای گەورەوە گرینگترین قۆناغی شانشینی سۆرانە و وڵامی سەردێڕی وتارەکەشی لایە. دوای خرانەوە زیندانی میر سولەیمان بەگی دووەم، ڕواندز دەوری دوو ساڵ و دوو مانگ بە کۆمیتەیەکی سەرهەنگان (کۆمیتەی جەنەراڵەکان) حوکم کرا، حوزنی ئەو سەردەمەی ناو ناوە (سەردەمی جمهووریی ڕواندز). ئیدارەیەکی زۆر سەرکەوتوو، هەم زۆر خۆشەویستی گەل". وەک سەردەمی بەڕێوەبەریی پێنج کەسی (Directoire Exécutif) لە فەڕەنسای پاش شۆڕشی گەورە و تەواوبوونی سەردەمی حکومەتی (تیرۆر)ی ڕۆبسپیێر و هاوڕێیانی، بەپێی دەستووری 1795 حوکمی فەڕانسەیان دەدرێتێ و تا کودەتای 9ی نۆڤەمبەری 1799ی ناپلیۆن بۆناپارت بەردەوام دەبێت.

ڕەسووڵ بەگ بیست و سێهەمین و دوا میری سۆرانە و لە شاری ئامێدییەوە گەڕایەوە پایتەخت و کرا بە میر و دەستی کرد بە چەوساندنەوەی سەرهەنگەکان. هەر دوو چاوی "سەرهەنگ حەمەدی سۆفی" دەرهێنا و "محەممەد شاتر"ی تاڵان کرد. کەسایەتیی گەورەی ئیداری و سەربازی "حەمەدی شیرین"ی ئیعدام کرد. کەوتە تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانی سۆران، وەک تاڵانکردنی ئەو دوو ئامۆزایەی دەستیان لە کوشتنی ئەحمەدە لاڵەدا بوو. عوسمانی میرایەتییان بەسەر ڕواندز و حەریر و شێروان و باڵەکدا بۆ سەلماند (میری میران و پاشا 1851 – 1852). ئەویش بەڵێنی هەشتا هەزار ڕیاڵی ساڵانەی پێدان، بەڵام سێ ساڵ لەسەر یەک نەیدا، بۆیە لەشکری عوسمانیی کرایە سەر، لە ڕواندز هەڵات و بە ڕەزامەندی و دۆستایەتیی ئێران چوو لە "شنۆ" دانیشت و بەو شێوەیە پایتەخت ئیتر کەسی گەورەی تێدا نەما. لەشکری عوسمانی، دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی 21/2/1856 چووە ناو شاری ڕواندزەوە و کۆتایی بە میرنشینی سۆران هێنا.

لە ڕاستیدا هەموومان دەزانین دوا بڕگە بۆ دارمانەکانی میرنشین و شۆڕشەکان چین و زۆرمان گوتوونەتەوە، تەنیا یەک شت دەڵێم، ئەویش ئەوەیە کە نابێ گلەیی لە هیچ وڵاتێک و زلهێزێک بکەین، ئەگەر ڕووبارێکی بەخوڕ بهێنینە بەرچاوی خۆمان، دەبینین کە هەرچی وردە بەردە لەگەڵ خۆی ڕایدەدا و تەنیا گاشە بەردەکانن کە لە شوێنی خۆیان ناجووڵێن.

شێرکۆ بۆ کۆتایی پاشای گەورە دەنووسێت: بە دەیان قەڵا و کۆنگرەی پێدەشت و چیا و شیو و دۆڵانی کوردستان، لە ماردینەوە تا شنۆ، من بەلای هەر کامیاندا بڕۆم، گوێم لە هۆمێرۆسێکی کورد دەبێت، بە بەربەتەکەیەوە دەنگی پاشای کوێرە بە گوێم دەگەیەنێت کە دەڵێت:

"من لەبەر دەمتم،
من لەم قەڵایەدام،
لەم کۆنگرەیەم،
لە پشت ئەو تۆپەم،
لە پێش ئەو لەشکرەم.
هەتا ئەم چیا و دەشتانەم مابن،
من زیندووم،
ڕووحی من و ئەم وڵاتە لێک جیا ناکرێنەوە".


**سەرچاوەکانی بەشی سێیەم:**

**1 – شێرکۆ هەژار/ ڕژێمی ڕواندزی سەردەمی پاشای کوێرە/ کتێبی ئەلیکترۆنی، بڵاوکردنەوەی یەکەم 2013، لاپەڕەکانی 48 تا 51/ 57 تا 58/ 61 تا 65.**

**2 – لازاریف، محۆی، واسیلییەوا، حەسرەتیان، ژیگالینا / مێژووی کوردستان / وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەنسوور سدقی، کامەران ئەمین ئاوە/ دەزگای فرووغ، چاپی یەکەم: بەهاری 2007 ، لاپەڕەکانی 109 تا 110.**

**3 – مەغدید حاجی ئەمین / سێ توێژینەوەی مێژوویی، توێژینەوەی سێهەم: کەسایەتیی میر محەممەد پاشای ڕەواندزی / چاپی یەکەم، هەولێر 2018، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لاپەڕەکانی 152 تا 153.**

**4 –دەیڤید مەک دواڵ/ مێژووی هاوچەرخی کورد / وەرگێڕانی بۆ فارسی: برایم خانی یونسی/ دەزگای پانیز، چاپی یەکەم: 2002، تاران، لاپەڕەکانی: 103 تا 105.**

**–5 ڕۆهات ئالاکۆم / میری ڕواندز لە ڕۆژنامەیەکی هەرە کۆنی سوید دا / 2018/8/3 – www.nefel.com .**

**6 – د. رضا نیازمند/ رضاشاه، از تولد تا سلطنت/ انتشارات حکایت قلم نوین، چاپ ششم: 1387، تهران، صفحات: 61 - 62.**